# ئاین ئامۆژگارییە

له ئه‌بی روقه‌یه ته‌میم کوڕی ئه‌وسی دارییه‌وه -ڕه‌زای خوای لێبێت- كه‌ پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- ده‌فه‌رمووێت: « ئاین ئامۆژگارییە»، (تەمیم) دەڵێت: ووتمان: بۆ کێ؟ (واتا ئاین ئامۆژگارییە بۆ کێ؟)، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «بۆ خودا، وبۆ كتێبەكەی، وبۆ پێغەمبەرەكەی، وبۆ پێشەوای مسوڵمانان وتێكڕای مسوڵمانان».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەكات كە ئاین لەسەر ئخڵاس ودڵسۆزی وڕاستگۆیی دامەزراوە، بۆئەوەی بەندە ئەوەی واجبە لەسەری جێبەجێی بكات بەتەواوی، وبەبێ فێڵ وكەموكورتی. بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ووترا: ئامۆژگاری دەبێت بۆ كێ بێت؟ فەرمووی: یەكەم: ئامۆژگاری بۆ خودای گەورە -سبحانه وتعالى- : بە دڵسۆزبوون لە كردەوەدا بۆ ئەو زاتە مەزنە، وهاوبەش بڕیار نەدان بۆی لە هیچ كردەوە وپەرستنێكدا، وباوەڕمان بە تاكبوونی خودا هەبێت لە پەروەدگارێتی وخودایەتی -پەرستراوێتی- وناو وسیفەتەكانی، و بەمەزندانانی فەرمانەكانی، وبانگەوازی كردن بۆ باوەڕهێنان پێی. دووەم: ئامۆژگاری بۆ كتێبەكەی واتا قورئانی پیرۆز: باوەڕمان وابێت قسەی خودایە، وكۆتا كتێبی ئاسمانیە، وهەڵوەشێنەرەوەی هەموو شەریعەتەكانی پێشووە، و بەمەزنی دابنێین، وبیخوێنینەوە بەو شێوەی هاتووە، وكردەوە بكەین بەوەی ڕوونە تێیدا، وملكەچ بین لەوەیاندا كە ڕوون نیە، وبەرگری لێبكەین كاتێك گومڕاكان بەئارەزووی خۆیان لێكدانەوەی هەڵەی بۆ دەكەن، وپەند لە ئامۆژگارییەكانی وەربگرین، وزانستەكانی بڵاو بكەینەوە، وبانگەوازی بۆ لا بكەین. سێیەم: ئامۆژگاری بۆ پێغەمبەرەكەی (موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-): بەوەی باوەڕمان وابێت كە كۆتا پێغەمبەرە، وباوەڕمان هەبێت بەوەی پێی هاتووە، وفەرمانەكانی جێبەجێ بكەین، وخۆمان بەدوور بگرین لەوەی نەهی لێكردووە، وبەو شێوەیە خودا بپەرستین كە ئەو پێی هاتووە، ومافەكانی بەگەورە دابنێین، وڕێزی لێبگرین، وشەریعەت وبانگەوازیەكەی بڵاو بكەینەوە، وبەرگری لێبكەین لەو تۆمەتانەی دەدرێنە پاڵی. چوارەم: ئامۆژگاری بۆ فەرمانڕەوای مسوڵمانان: بەیارمەتیدانیان لەسەر هەق وڕاستی، وململانێ نەكردنیان لەسەر دەسەڵات، وگوێڕایەڵیكردنیان لەشتێك كە سەرپێچی فەرمانی الله نەبێت. پێنجەم: ئامۆژگاری بۆ مسوڵمانان: بەچاكەكار بوون بەرامبەریان، ودوورخستنەوەی زیان لێیان، وخۆشویستنی خێر بۆیان، وبانگەواز كردنیان بۆ پابەندبوون بە ڕێبازی ڕاست ویارمەتیدانیان لەسەر چاكەكاری وتەقواداری.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/66516